# دیوی ئەودیوی دیاردەکان و سایکۆلۆژیای جەماوەر


کورتەیەکی مێژوویی ئایدۆلۆژیا و پێشەکییەکی زانستی بۆ عەقڵ:

لە دنیادا ئایدۆلۆژیاگەلێکی زۆر هەن کاتێک ویستبێتیان لە تیۆرییەوە بەرەوە مەیدانی پراکتیزەکردن هەنگاو بنێن شکستی گەورەیا خواردووە و دواتر نەیانتوانیوە بە فۆرمی ڕەسەنی خۆیانەوە بێنەوە مەیدان. کێشەی گەورەی مارکسیستەکان، (لێرەدا مەبەستم لە هەڵگرانی میتۆدی مارکسیزمە، نەک هەڵگرانی مارکسیزم وەکو فیکر) ئەوە بوو، دەیانەویست بە تەنها لە ڕێگای قسەکردن لە سەر ئابووری و دراوەکەیەوە، هەروەها لە ڕێگای دابەشکردنی ئایدیۆلۆژییانەی کۆمەڵگاوە بۆ چین و توێژی جیاواز سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕن و بە خەیاڵی خۆیان سیستمێک دابمەزرێنن هەرگیزاوهەرگیز لەناو نەچێت و بۆ هەمیشەش ئاسوودەمان بکات. هەرچی ئایدۆلۆژیای دینییە دەیویست بە تەنها لە ڕێگای ڕووکردنە قاپیی خوا و جێبەجێکردنی ڕوکنەکانییەوە بە خەیاڵی خۆی بۆ هەتاهەتایە لەم دنیا و لەو دنیاش ئاسوودەمان بکەن. میتۆدی خوێندنەوە و کارکردن لە سەر دیاردەکان، بە تەنها لە دیدگایەکەوە و بە یەک دنیابینی شکستی گەورەی خواردووە. مێژووی ماڵئاواییکردن لە ئایدۆلۆژیا تازە نییە، بەڵکو لە (کارڵ پۆپەر)ەوە دەست پێ دەکات و بە (فۆکۆیاما)دا تێپەڕ دەبێت. پۆپەر پێی وابوو، ئایدۆلۆژیاکان لە سەر بنەمای ئەو قوتانخانە فەلسەفییە مێژووگەراییانە دامەزراون، کە وا لە مێژوو دەڕوانن، گوایە ڕەوتێکی ڕێکوڕاستە و لەژێر زەبری حەتمیەتدایە، بەو مانایەی هەر دەبێت بەپێی ئەو پێشبینییەی ئەوان بچێتە پێشەوە.


ژیان و کۆمەڵگا سەدان و هەزاران جار لەوە ئاڵۆزترن ئێمە بتوانین لە تەنها گۆشەیەکەوە سەیری بکەین و پێمان وابێت جیهانبینی و میتۆدی تر بوونی نییە! مادام کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی بە کۆمەڵێک کایەی جیاوازی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی، زانستی و ...هتد گەمارۆ دراوە، بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین، ناکرێت تەنها یەکێک لەو کایانە بکەینە کەرەسەی کاری خۆمان و بکەوینە بەخشینەوەی خەیاڵ و وەهم بە سەریاندا. لە ڕووی فەلسەفییەوە، مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی فرە کایەیە، ناکرێت لە کاتی چارەسەکردنی کێشەیەکی دیاریکراودا لە تەواوی کایەکانی تری دابماڵین و پێشمان وابێت بەهەشت بۆ جەماوەر دروست دەکەین. کلیلی چارەسەری ئەو گرفتانە لە گشتگیرییەکەیدایە و بەوەوە بەندە، کە کایەکانی تری لە گەڵدا بخوێنرێنەوە. بە واتایەکی تر، گەر بمانەوێت قسە دەربارەی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیی کۆمەڵگایەک بکەین، بە تەنها قەتیسمانەوە لە تیۆرە سیاسییە وشەکەکاندا هەرگیز هاوکاریمان ناکات بۆ گەیشتن بەو ئاکامەی بە دوایدا دەگەڕێین. سیستمی حوکمڕانی بەتەنها ئێلیمێنتێک(element) نییە، تاکو بتوانین لای بدەین و ئێلیمێنتێکی نوێی لە جێگادا دابنێین، بەڵکو پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزە، مەرجەکانی پێکەوەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دیاری دەکات و هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی پێکدادان و بەریەککەوتنی تاکەکانیدایە. ئەو دیدگا تەسکەی دنیابینی و بەکارهێنانی تەنها میتۆدێک لە شیکاریکردنی دیاردەکاندا دەشێت ببەزێنرێت، چمکەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، پەروەردە، دەروونزانی و... هتد دەکرێت هەموو ئەمانە کەرەسەری کاردنمان بن لەو میانەیەدا.

لێرەدا بۆ چوونە ناو باسە زانستییەکەوە دەمەوێت بە نموونەیەک دەست پێ بکەم: کاتێک دەمانەوێت بڕوانینە تەنێکی فیزیایی، ئەوا ئێمە ئەو تەنە تەنها لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە دەبینین، بەڵام هەمان تەنی فیزیایی دەکرێت لە بێشومار گۆشەی جیاوازەوە ببینرێت. زانست پێمان دەڵێت، کە چاوی

هیچ بوونەوەرێک توانای بینینی سەد دەر سەدی تەنەکانی لە یەک ساتدا و بە دووری (Dimensions)ە ڕاستییەکانی خۆیەوە نییە. ئێمە نابێت پێمان وابێت کاتێک، دەڵێین سێدووری (3-Dimensions) تەن دەبینین، ئیتر دەتوانین واقیعی ئەو تەنە پڕاوپڕ ببینین. بە واتایەکی تر کاتێک تەنێکی فیزیایی لە بەر چاوماندا دەبێت و لە گۆشەیەکی تایبەتەوە نیگای دەکەین، ئەوا ئێمە تەنها ئەو گۆشەیەی دەبینین، کە بە ئاڕاستەی چاومان ڕوومان لێیەتی، تەواوی گۆشەکانی تریمان لێوە گومە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دیاردەیە با باس لەوە بکەین، کە ئێمە سەیری پێکهاتەکانی ناوکی گەردیلەیەک دەکەین، کە بچووکترین تەنە. ئەم گەردیلەیە هەرچەندە زۆر بچووکە و پێویستی بە زیاتر لە دووسەد هەزار جار گەورەکردن هەیە پێش ئەوەی چاوی پەتیی مرۆڤ بتوانێت بیبینێت، بەڵام هەر ناتوانرێت سەد دەر سەد لە تەنها گۆشەیەکەوە ببینرێت. بۆ تێگەیشتن لە و سیناریۆیە با بڕوانینە ئەم وێنەیەی خوارەوە:




لەو وێنەیەدا دەردەکەوێت، چاو توانای بینینی تەنها دیوێکی تەنەکانی هەیە و هەمیشە دیوەکانی تری لێ گومن. لێرەدا مەبەستمان لەوەیە لە چرکەساتی بینینەکەدا ئێمە دیوێکی دەبینین، دیوەکانی تری گومن لێمان، دەنا گەر جێگا و گۆشەنیگامان بگۆڕین ئەوا بێگومان دیوەکانی تریشیمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام دیوەکەی یەکەممان لێ گوم دەبێتەوە. ئەم وێنەیەی خوارەوە نموونەیەکی تری ئەو فەلسەفەی بینینەیە، کە تێیدا تەنێکی شەشپاڵو بە شێوەی سێدووری (3D) دەردەکەوێت، بەڵام ئەو دووریانەی چاو دەتوانێت بیانبینێت تەنها دیوێکێتی و هیچ یەک لە پێوەرەکانیشی ڕاست نین. بۆ نموونە: گەر بڵێین ئەو شەشپاڵووە درێژییەکەی دوو مەترە، پانییەکەی دوو مەترە و بەرزییەکەشی دوو مەترە، بەڵام بینەر لە دووری یەک مەترەوە سەیری تەنها دیوێکی ئەو تەنە دەکات. بەپێی ئەو تیۆریە و لە ڕێگەی ئەم وێنەیەی خوارەوە هیچ بوونەوەرێک نییە، چاوێکی هەبێت، کە توانای بینینی هەرسێ دووریەکەی هەبێت بەپێی پێوەرە واقیعییەکەی. جگە لە ناڕاستی دووریەکانی ئەو تەنە ئەوەی جێگەی باسی ئێمەیە دیوەکانی تری تەنەکەیە، کە بە هیچ شێوەیەک لە بینەرەوە دیار نییە:




لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت چاوی مرۆڤ وا نەنەخشێندراوە (Designed)، کە تەنەکان لە فۆرمی سێدووریی ڕاستەقینەی خۆیاندا و بە واقیعی ببینێت. ئەم تیۆریە تەنها لە بینینی تەنەکاندا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو مەیدانی هەستەکانیش دەگرێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی یەکئەرکە/سینگڵ تاسکە (Single task)، واتە بە هۆی عەقڵی شعور/هەست (conscious)ەیەوە لە یەک ساتدا تەنها دەتوانێت یەک فەرمان بەجێ بهێنێت. بۆ نموونە: ئەگەر مرۆڤێک پیاڵەیەک چای لە بەردەمدا بێت، کەوچکەچاکەی بە دەستەوە بێت و بیەوێت چاکەی تێک بدات، خۆ ئەگەر لە هەمان کاتدا پێنووسێکیش بەدەستەکەی تریەوە بێت و بیەوێت وێنەی سێگۆشەیەک بکێشێت، ئەوا یان چاکە لە دەستی دەڕژێت وە یاخود دەستی پێنووسەکەی لە بری سێگۆشە شقلیوپقلی دەکێشێت! ڕەنگە بپرسن و بڵێن، ئەی ئەوانەی یاری سێرک دەکەن، یاخود ئەوانەی ڕاهێنان لەسەر ئەو فەرمانانە دەکەن چۆن دەتوانن کۆمەڵێک کار پێکەوە بکەن. لە وەڵامدا زانستی دەروون و عەقڵ دەڵێت: ئەو دیاردانە لە ئاکامی زۆر دووبارەکردنەوەیانەوە لەناو مێشکدا لە شوێنی عەقڵی هەستەوە دەگوازرێنەوە بۆ جێگای عەقڵی

نەست، کە دواتر مرۆڤ دەتوانێت بانگیان بکاتەوە (Retrieve) و کاریان پێ بکات، بێ ئەوەی بیریان لێ بکاتەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، مێشکی مرۆڤ نە توانای شیکارکردنی وێنەی ڕاستەقینەی تەنەکانی هەیە وە نە لە یەک ساتدا توانای بەجێگەیاندنی زیاتر لە فەرمانێکی هەیە بە ئەندازەی پێرفێکتی.


<u>عەقڵ و جەدەلەکانی:</u>

ئەو پێشەکییەی سەرەوەوە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە مرۆڤ بە چ ئەندازەیەک لە لایەن عەقڵیەوە هەڵخەڵەتێنراوە، و ئاماژەشە بەوەی، مەرج نییە ئێمە متمانەی تەواومان بە عەقڵی خۆمان هەبێت و پێمان وا بێت هەموو شتەکان بە پێرفێکتی وەردەگێڕێت (translate) و دەیانبینێت. دەکرێت ئێمە لەوە واوەتر بڕۆین و کار لە سەر ئەو تیۆریەش بکەین، کە بوون و دنیا بە خەیاڵێکی پەتی و دوور لە واقیعی دادەنێت، بەڵام مەیدانی باسی ئەمجارەمان ڕێگای ئەوەمان پێ نادات. لێرەدا ئەوەندەمان بەسە بلێین، نەک تەنها تەنەکان، بەڵکو دیاردە و کایەکانی ژیانیش جگە لەوەی بەرووبوومی عەقڵی مرۆڤن، لە هەمان کاتدا لە ڕێگای عەقڵی مرۆڤەوە وەردەگێڕدرێن و خوێندەوەیان بۆ دەکرێت، کە دەشێت سەرتاپایان ناڕاست و دوور لە واقیعی خۆیان بن. بە سەدان، گەر نەڵێین بە هەزاران توێژینەوە دەربارەی عەقڵ و گرێکوێرەکانی کراون و پێمان دەڵێن عەقڵ هەرگیز ناتوانێت بگاتە یەقین، گەر لە ڕێگای ئیمانێکی دەستکردەوە نەبێت! عەلی وەردی کتێبێکی لە توێی سێسەد لاپەڕەییدا بە تەنها بۆ ئەندێشەکانی عەقڵ تەرخان کردووە، ناویشی ناوە (مهزلة العقل البشري)، واتە "گاڵتەجاڕیی عەقڵی مرۆڤایەتی". بە درێژایی باسەکانی، عەلی وەردی لە کتێبەکەیدا لەوە دەدوێت، چۆن مرۆڤ گیرۆدەی دەستی عەقڵی خۆیەتی و ناتوانێت لە دنیایەکی یەقین و واقیعیدا خۆی بدۆزێتەوە و هەر لەو ڕێگایەشدا ملیۆنها مرۆڤی کردۆتە قوربانیی تێڕوانین و تاقیکردنەوەکانی عەقڵی خۆی. عەلی وەردی دەڵێت: هیچ کەلەپچەیەک هەندی کەلەپچەی "ڕاستی" و "ڕاستیی ڕەها"، کە مرۆڤ خۆی دروستی کردوون چاوچنۆکانە نییە. مرۆڤ و دەوروبەرەکەی مەسعود محەممەدیش هیچی لە هەوڵەکەی عەلی وەردی کەمتر نییە. ئەو توێژینەوانە ئاماژەن بەوەی مرۆڤ هەلخەڵەتاوی دەستی بوونی خۆی و فشارەکانی سرووشتە. سرووشت وای لە مرۆڤ کردووە هەمیشە سەرقاڵی ڕاکەڕاکە بێت، پێی وایە بەو ڕاکردنە دەگاتە ئامانج، بەڵام کورتیی تەمەنی لە چاو تەمەنی بوون و سروشتا خۆیدا لە ئاکامدا بێهیوای دەکات. جگە لەوەی، کە مرۆڤ خۆی بە سرووشت (nature) شپرزە، زۆر کات بەپەلە و پێش تەواوبوونی تەمەنی دەیەوێت تەنها لە ڕێگای خولْقاندنی ئیمانێکەوە باوەڕمان بە خوێندنەوە و وەرگێڕانەکانی عەقڵی خۆی پێ بهێنێت و پێمان بڵێت، گوایە گەیشتۆتە ئامانج. ئەو پەلەپڕوزکێیە جگە لەوەی بەشێکی پێوەندیی بە نەبوونی کەرەستەی کارکردنەوە هەیە لە شیکاریکردنی دیاردە و کایەفرەڕەهەند و ئاڵۆزەکاندا، ئەوا بەشەکەی تری پێوەندیی بە نەبوونی میتۆد (method)ەوە هەیە. میتۆدێک، کە دەشێت هاوکارمان بێت لە گەیشتن بە سەرەداوەکانی واقیعی دیاردە و کایەکاندا. میتۆدەکانی قوتابخانەی عەقڵی و قوتابخانەی ئەزموونگەراییش تاکو ئێستا نەیانتوانیوە هاوکاریی عەقڵمان بکەن بۆ نزیکبوونەوە لە یەقین.

یەکێک لە بەرهەمەکانی زانستی نوێی فەسلەجی، پێمان دەڵێت، عەقڵ و هۆشی مرۆڤ جگە لە کایەیەکی کارەبایی، کە لە ڕێگای کارلێکێکیی زۆر ئاڵۆزی کیمیایی نێو خانەکانی دەماغەوە دروست دەبێت هیچی تر نییە. دواتر ئەو کایەیە لە ئاکامی ژیان و بەرکەوتەکان (interaction)ی ئەو تاکەی هەڵگرییەتی دەبێتە عەقڵ، تاکو بتوانیت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا مامەڵەی پێ بکات.




یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەو کایە کارۆموگناتیسییە ئەوەیە زۆر زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کایە کارەبایی و موگناتیسییەکانی ترەوە. ئەم دیاردەیە لە ڕووی فیزیاییەوە تێگەیشتنی زۆر ئاسانە. ئەم وێنەیەی خوارەوە ئەوە دەردەخات، کە کایەیەکی کارۆموگناتیسی بە دەوری مێشکەوەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کایە کارەبایی و موگناتیسیی تەنەکانی دەوروبەریەوە.





تاقیکردنەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو عەقڵە، نەک هەر تەنها دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کایەکانی هاوشێوەی خۆیەوە، بەڵکو گەلێک دیمەن و دیاردەی تر، لە جۆری وێنە، وشە، دەنگ، دەستەواژە و درووشمی بریقەداری نەتەوەیی، دینی، ڕەگەزی و سیاسی و گەلێکی تر کاری تێدەکەن و دەیانوروژێنن. دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت، ئەو کاریگەرییانە پێوەستن بەو ژینگە و دەوروبەرەی ئەو عەقڵەی تێدا پەروەردە بووە. بۆ تێگەیشتن لەو دیاردەیە پێویستمان بە کۆمەڵێک نموونە هەیە: ڕەنگە دەستەواژەیەکی وروژێنەری سیاسیی نەتەوەیی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ گەنجێکی خاوەن هەستی کوردایەتیی خوێنگەرمی کۆمەڵگاکەمان توانیبێتی ببێتە مایەی شووشتنەوەی مێشکی ئەو گەنجە و وای لێ کردبێت ڕووی کردبێتە شاخ و بووبێت بە شۆڕشگێڕ. هێزە چەکدار و شۆڕشگێڕەکانی دنیا تەنها لەو ڕێگە سیحراوییەوە دەتوانن سەرچاوە مرۆییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. بەڵام هەمان دەستەواژە لە ئێستادا هیچ مانایەکی نابێت و کار لە کەسیش ناکات. کەسێکی توندڕەوی سەلەفی زۆر بە ئاسانی لە ژێر کاریگەریی پێشێلکردنی پیرۆزیەکانیدا دەشێت زۆر زوو مێشکی بتوانرێت بشۆردرێتەوە و بگاتە ئاستی تۆڵەسەندنەوە لە جۆری خۆتەقاندنەوە، بەڵام هەمان پیرۆزیشکاندن بە درێژایی سەدەی ڕاردوو ڕەنگە نەیتوانیبێت تەنها کەسێک بگەیێنێتە ئەو ترۆپکە لە توڕەیی. کاتێک کەسێک ئازیزێکی لە دەست دەدات زۆر بە ئاسانی بە تەنها چاوکەوتنی بە پاشماوەی جلوبەرگەکانی کەسی لەدەستچوو ئەو مرۆڤە دەکرێت سۆزی بوروووژێنرێت و بچێتەوە حاڵەتی گریانەوە. پیشاندانی دیمەنە تراژیدییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوەیی، دینی، کاریزمییەکان و ... هتد نموونەیان لە مێژوودا زۆرن، توانیبێتیان هەست و نەستی تاک و کۆمەڵ بورووژێنن و گۆڕانکارییان پێ ئەنجام بدەن. پیشاندانی کراسە خوێناوییەکەی عوسمانی کوڕی عەفان لە ماوەی خەلیفەکانی ئیسلامدا، هەروەها کراسە خوێناوەیەکەی قەیسەر و دەیان نموونەی ترمان لەو جۆرە هەیە.

ئەوانە ئاماژەی ئەوەن، ئاسانترین شت لەو کەیسانەدا ئیشکردنە لەسەر عەقڵی مرۆڤ، تاکو لەوێوە دەست لە هەست و سۆزەکانی بدرێت و بخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

زانایان ئاماژە بەوە دەکەن لە مێشکی مرۆڤدا ڕووبەرێکی دیاریکراو هەیە تێیدا نەست (sub-concious) کار دەکات، کە دە ئەوەندەی ڕووبەری هەست (conscious) گەورەترە و توانای جێبەجێکردنی فەرمانەکانیشی سەدان هەزار جار زیاترە لە ژمارەی ئەو فەرمانانەی، کە هەست فریای دەکەوێت لە چرکەیەکدا.

بڕوانە ئەم وێنانەی خوارەوە:



- Pyramid of Sub-conscious Mind

میکانیزمی کەڵەکەبوونی زانیاری و مەعریفە لە بەشی هەستەوە و گواستنەوەی بۆ نەست (subconscious) زۆر ئاڵۆزە و تاکو ئێستا زانست نەیتوانیوە لەو میکانیزمە تێبگات. زانستی فسیۆلۆجی ئەوەی سەلماندووە، کە هەست و سۆزەکانی مرۆڤ و ئەو دەستەواژە و زاراوانەی سەرتاپای سۆزەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن دەکەوێتە ئەو بەشەی نەستەوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، رووبەری نەست دەیان جار لە رووبەری هەست گەورەترە و ئەو فەرمانانەشی جێبەجێی دەکات سەدان هەزار جار زۆرترە لەوانەی بەشی هەست جێبەجێیان دەکات. ئەو بەشەی نەست لەبەر گەورەیی رووبەرەکەی و زۆریی چالاکیەکانی کایەیەکی گەورەی کارۆموگناتیسی لە دەورە و زۆرتر لە ژێر کاریگەریی هەرجۆرە کایە و هۆکارێکی تردایە. لەو شوێنەی مێشکدا، هەستە نەتەوایەتیەکان، خۆشەویستی و سۆز، هەستەکانی بەرگریکردن لە خود و جۆرەها شتی تر پاشەکەوت دەبێت. ئەو بەشەی هەست ورووژاندنی لە رێگای دروشمی بریقەدار و وێنەی ترازیدی و چەمکە خەیاڵاویەکانی لە جۆری ئازادی، سەربەستی دیمۆکراسی و دەیان چەمکی تری گەورەوگرانەوە زۆر ئاسانە و جگە لە توانای هونەری پێویستی بە توانای مەعریفی نییە.

<u>دەروونناسیی تاک و دەروونناسیی کۆمەڵ:</u>

ئەو گرێکوێرانەی ئاماژەیان پێ کرا زانستی دەروونناسی دەستنیشانی کردوون و بەردەوام لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکات. کاتێک باس لە زانستی دەروونناسی دەکەین ڕاستەوخۆ دەروونناسیی تاکمان بیر دەکەوێتەوە. زانستی دەروونناسیی تاک دەیەوێت لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە کێشەکان و گرێکوێرەکانی تاک لە منداڵیەوە و لە قۆناغەکانی مێرمنداڵیدا بە پێوەست بە دەوروبەرەوە چارەسەر بکات. مێتۆدی زانستی شیکاری دەروونیش، کە لە سەر دەستی فرۆید دامەزراوە دەیەوێت خودی تاکەکان هەڵهێنجێنێت نەک کۆمەڵ، تاکو بتوانێت ئەو گرێکوێرانە شی بکاتەوە، کە دەشێت لە منداڵیەوە پێوەیەیان بناڵێنێت. ڕاستییەکەی سەرەتاکانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفە یۆنانییەکان و بە تایبەت سەردەمی ئەفلاتون. دواتر لە سەردەستی ئیبن خەلدون و چەندین فەیلەسوفی تر ئەم کایەی دەروونناسییە تەشەنەی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم زانستە هەمیشە هەوڵی ئەوەشی داوە سنوورەکانی تاک ببەزێنێ و بکەوتە شیکاریکردنی عەقڵی کۆ( Crowd and popular mind) و کارگەریی ئەو عەقڵە لە سەر دەروونی تاک و پێوەندییە دوالیزمییەکەی نێوانیان. دەروونناسیی کۆمەڵ (popular mind) تەواوکەری دەروونناسیی تاکە. ناکرێت تاک لە کۆمەڵگا داببڕین و بە جیا لە کونجێکی ئەو کایە ئاڵۆز و فرەڕەهەندانەوە شیکاریی بۆ بکەین، هەر وەکو چۆن ناکرێت تاکیش لە خەسڵەتەکانی خودی خۆی داببڕین و بە تەنها لە نێو کۆمەڵدا لێکدانەوەی بۆ بکەین. لێرەوە زانایانی بواری دەروونناسی و لە نێوشیاندا فرۆید گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی، کاتێک تاک لە تاکیی خۆی دەرچووو، پێوەست بوو بە جەماوەرەوە ئەوا دەبێتە خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی زۆر جیاواز لەو خەسڵەتەی لە تاکیی خۆیدا هەیەتی.

زانستی دەروونناسیی کۆ لە سەدەی بیستەمدا و لە سەر دەستی گۆستاف لۆبۆن، پسپۆڕی دەروونناسی و بایۆلۆژیی فەرەنسی وەکو زانستێکی سەربەخۆ هەڵتۆقی و گەشەی سەند. پێشکەوتن و داهێنانەکانی بواری ڕاگەیاندن، دروستبوون و هاتنەکایەوەی ڕێفراندۆم و کۆکردنەوەی ئامار و دەنگ، هەموو ئەمانە هاوکاری برەوسەندنی ئەم لقە تازەیەی زانستی شیکاریی دەروونزانی بوون. کاتێک قسە لە عەقڵی کۆ دەکەین، مەبەست لە عەقڵی کۆمەڵێک، توێژێک، چینێک، یاخود تایەفە و کەمەنەتەوەکانی ناو کۆمەڵگایە.

لەژێر گوشاری ئەو دوو جۆرەی عەقڵەدا و بە هاوکاریی عەقڵی کۆ جۆرێک لە عەقڵی تازە دروست دەبێت، کە پێی دەوترێت عەقڵی هاندان. عەقڵێ هاندان عەقڵێکی کاتییە و لە هەموو کاتێکدا ئاکتیڤ نییە، تەنها لە هەندێک بۆنەی تایبەتی، کە تێیدا بیرۆکە و ئیدەی هاندان لە ئارادایە کار دەکات و ئاکتیڤ دەبێتەوە. ئەم عەقڵە عەقڵێکی پاشەکەوت(reserved)ە، کۆمەڵگا تەنها لە پشت ئەو عەقڵەوە گۆڕانکارییەکانی خۆی بە جێ دەگەیێنێت. لێهاتویی کەسی سیاسی لەوێدا دەردەکەوێت، کە بتوانێت فاکتەرەکانی ئەو عەقڵە نووستووە بە خەبەر بهێنێتەوە و کاریان لەسەر بکات بۆ گۆڕانکاری. سیحری شاردراوەی ئەم عەقڵە لەوەدایە، زۆر زوو زاڵ دەبێت بە سەر هەست و نەستی تاکدا و بەو ئاقارەیاندا دەبات، کە خۆی دەیەوێت. کارکردن لەسەر عەقڵی کۆ کارکردنە لەسەر ئەو یاسا نهێنییانەی لە ڕێگای فاکتەرە ئابووری، کولتووری، دینی و دەمارگیری (عصبیە)ە کۆمەڵایەتیەکانییەوە کۆنترۆڵی عەقڵی تاک دەکەن و لە خشتەی دەبەن.

<u>کێ کۆنترۆڵی عەقڵی تاک دەکات؟</u>

کۆنترۆڵکردنی عەقڵی تاک و عەقڵی کۆمەڵ لە توانای هەموو کەسێکدا نییە. کەسانی مژدەبەدخش (Preacher) هەمیشە لە سەردەمی ئایدۆلۆژیا دینییەکاندا توانیویانە کۆنترۆڵی عەقڵی تاک بکەن و لەنێو عەقڵی کۆمەڵیشدا بە کاریان بهێننەوە. هەرچی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای سیاسی و خزاندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بۆ ناو دنیای سیکۆلار تێیدا ئەو ئەرکە گوازرایەوە سەر شانی سیاستمەنداران و ڕابەرانی سیاسیی کاریزمی. کەسانی ناوداری جیهانی لە وێنەی مەسیح، پەیامبەری ئیسلام، هتلر، گاندی، مۆسۆلۆنی، سەدام، ماوتسی تۆنگ، ستالین و دەیان و سەدان کەسی تر هەبوون توانیویانە کۆنترۆڵی عەقڵی کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەن و بۆ مەرامەکانی خۆیانیان بە کار بهێنن. لۆبون ئاماژە بەوە دەکات، سەرکردەی ڕابەر تەنها لە ڕێگای وەبیرهێنانەوەی تراژیدیاکان، وێنەی وروژێنەر و دروشمە بریقەدارەکانەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی عەقڵی جەماوەرەکەی بکات نەک لە ڕیگای ئایدیای لۆژیک و بەرجەستەوە. خەیاڵی جەماوەر، وەکو خەیاڵی هەر بوونەوەرێکی تر، کە خاوەنی عەقڵانییەت نییە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی ئاماژەیان پێ کرا زۆر زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەسایەتیانەوە. رووداوە هەرە گەورەکانی دنیا، دروستبوونی مەسیحیەت، بودیست، ئیسلام، شەڕە تاقەتپڕوکێن و قڕکەرەکانی مێژوو هەموو لەژێر کاریگەریی ئەو خەیاڵ و وەهمانەدا خولْقاون، بۆیە ڕابەران و سەرکردەکان هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ جەماوەر بۆ بەدیهێنان و دووبارەکردنەوەی ئەو گۆڕانکاریانە. ڕادەی کەوتنە ژێرگاریگەریی سایکۆلۆژیای جەماوەرە، زۆر کات وا لە عەقڵی تاک دەکات تا ڕادەی خۆبەقوربانیدان خۆی بدات بە دەستەوە. نموونەی ئەو شۆڕشگێڕانە زۆرن، کە لە قەرەباڵغی و لەژێر کاریگەریی ئەو سیاکۆلۆژیا جەماوەرییەدا خۆیان دەخەنە بەرێژنەی گوللە، خۆیان دەتەقێننەوە و خۆیان دەخەن ئاگرەوە، کە لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆکاری گیانلەدەستدانیان.

هەر قۆناغێکی مێژوویی خەونێک دەکاتە مۆرکی خۆی، کە دواتر بەو مۆرکە دەناسرێتەوە. بەشی زۆری ئەو مۆرکانەش دەبێت لە شێوەی وەهم و خەیاڵدا بخولْقێنرێن دەنا ناکرێت ببنە داینەمۆ و وزەی

کارتێکردنی کایەی عەقڵی شاردراوە (Subconscious mind)ی تاکەکان. بۆ نموونە: ئەگەر وەهمی تۆباویی دامەزراندنی بەهەشتی سەر زەوی نەبووایە، هەرگیز جەماوەرە کرێکارییەکانی ئەوروپا لەژێر سایەی پارتە سیاسییە سۆشیالیستییەکاندا کۆ نەدەبوونەوە و نەدەبوونە سووتەمەنی. خۆ ئەگەر وەهم و خەونی بەهەشتیی ئاسمانیش نەبوایە چ هێزێک هەبوو بتوانێت لە کۆی شەش ملیار مرۆڤی سەرنشینی گۆی زەوی کۆنترۆڵی نزیک بە یەک ملیاری بکات و وەریانگێرێتە سەر ئیسلام! ئەگەر لێرەدا ئاورێک لە حەقدەی شوباتی بەردەرکی سەرا بدەمەوە، یەکسەر ئەوە دێتەوە بەرچاومان، کە لەوێدا وەهمێک هەبوو یاخود خەونێک هەبوو ئەویش ئازادیی ڕەها و لقوپۆپەکانی بوو. چەمکی ئازادی، دیمۆکراسی و هاوشێوەکانیان چەمکگەلێکن زۆر ئاڵۆز و فرەڕەهەندن، مرۆڤایەتی هەمیشە و بەردەوام داڕشتنەوەیان بۆ دەکات و بنەماکانی پراکتیزەکردنیان تاقی دەکەتاوە، و تاکو ئێستاش لە هیچ کەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا، نابینرێت هیچ کام لەو چەمکانە سەد دەر سەد پیادە کرابێت و خەڵکی ئاسوودە کردبێت. ئەم ئاکامە ئاستی ئاڵۆزیی و کێشەی پیادەکرنی ئەو چەمکانەمان بۆ دەسەلمێنێت.

<u>جەماوەر و پێکهاتەکانی:</u>

لای لۆبۆن جەماوەر بریتیە لە تواندنەوەی تاکەکان لە یەک ڕۆحدا و لە سۆزێکی هاوبەشدا، کە تێیدا تەواوی خەسڵەتە کەسایەتیەکان (personal attributes) لەبەین دەچن و ئاستی خاوەندارێتیی عەقڵیش لای تاک دەچێتە نزمترین ئاستیەوە. جەماوەر بریتیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک تاک، کە دەشێت خاوەنی پێناسەیەکی نەتەوەیی، پیشەیی و ڕەگەزنامەیی هاوبەشیش نەبن، بەڵکو هەر یەکەیان هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی زۆر جیاواز بن. لەگەڵ ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوان تاکتاکی ئەو جەماوەرەدا هەیە، هێشتا دەتوانین ئەو جەماوەرە بە یەکگروو و ڕێکخراو دابنێین، یەکگرتوو لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، ڕێکخراو لە ڕووی ئامانجەوە. ئەو کۆبوونەوە و بەجەماوەربوونانە زۆر کاتین، تەمەنیان کورتە و تەنها بۆ چەند ساتێک، ڕۆژێک، یاخود چەند هەفتە و مانگێک ڕەنگە ساڵیشی تێبکەوێت، کە تێیدا دەتوانن یەکگرتوو و ڕێکخراو بن، دواتر ئەو کۆنتراکتە هەڵدەوەشێتەوە. تاک، کە دەخزێتە ناو جەماوەرەوە بە تەنها ئەو هەڵسوکەوت و شێوازی ژیان و کارانەی خودی خۆی، کە لە کاتی ئاساییدا هەیەتی لە دەستی نادات، بەڵکو هەست و سۆز و عەقڵی حوکمکردنیشی دەگۆڕێت و دەچێتە ژێر کاریگەریی جەماوەرەکەیەوە. ئەو تاکانە دەشێت زۆر بەسۆز و ڕۆمانسی بن لە حاڵەتی ئاسایی خۆیاندا، بەڵام دەکرێت ببنە دڕندە لە دوای خزانیان بۆ ناو جەماوەر، لەوانەیە تاوان و وێرانکارییش ئەنجام بدەن. ئەم دیاردەیە دیوەکەی تریشی ڕاستە، واتە مرۆڤێکی تاوانکار و وێرانکەرئاسا دەشێت، هەر زوو لە نێو جەماوەرەکەیدا ئیلهامی سۆز و ڕۆمانسییەتی بۆ بێت و خۆی میهرەبان پێشان بدات. جەماوەر نەک هەر عەقڵانی بیر ناکاتەوە، بەڵکو لە پڕێکیشا بیرۆکەی سەیروسەمەرەی بۆ دێت، یان پیادەی دەکات، یاخود ڕەتی دەکاتەوە. ئەو جەماوەرە بە هیچ شێوەیەکیش ئامادەی گفتوگۆ نییە، بەڵکو درووشم و دەستەواژە و یادەوەرییە تراژیدییەکان دەبنە فاکتەری سەرەکیی هاندانی عەقڵی، لەو ساتانەدا تەنها ئەوانە کار دەکەن. ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە سووتەمەنی ئەو عەقڵ و سایکۆلۆژیا جەماوەرییە، ئەو هەڵچوون و وێرانکارییانە هەمیشە بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر مێردمنداڵن. پێ دەچێت چەند هۆکارێکی لۆژیکی لە پشت ئەم ڕێژەیەوە خۆی حەشار دابێت. مێشکی مێردمنداڵ وەکو دەفرێکی نیمچەبەتاڵە، شتی زۆر کەم تێدایە. ئەم خەسڵەتە وا دەکات، کە مێشکی مێردمنداڵ لەچاو مێشکی کەسانی پێگەیشتوو، زیاتر ئامادەیی کارتێکردن و پڕکردنی هەبێت. هۆکارێکی تر ڕەنگە ئەوە بێت، مێردمنداڵ بە تاکێکی بێلێپرسراوەتی هەژمار دەکرێت. مرۆڤێکە، ڕەنگە هیچ کەسێک، یاخود خێزانێک لە پشتییەوە نەوەستا بێت و بژێویی کەسیشی نەکەوتبێتە سەرشان. جگە لەوانە، خۆشی بە نەوەی نوێی کۆمەڵگا دەزانێت و دەیەوێت

بەشدار بێت لە گۆڕانکارییەکاندا. نەبوونی ئەو ئاستی لێپرسراوەتییە وا لە کەسێکی مێردمنداڵ دەکات زووتر بخزێتە نێو ئەو جەماوەرەوە و هاوکارێکی گەورەی ئەرکەکانیشی بێت. ئەمەش وا دەکات هەمیشە قوربانیی یەکەمی پێکدادان و وێرانکاریەکان بن.

<u>خەسڵەتە دەروونییەکانی جەماوەر:</u>

١/ خێرا هەڵچوون.

٢/ خێرایی کارتێکردنی و خۆشباوەڕیی.

٣/ هەست و نەستە جەماوەرییەکان، گەورەکردن و بچووکردنەوەیان.

٤/ دەمارگیری، داپڵۆسێنەری و کۆنسێرڤاتیڤی.

٥/ ئاکتیڤبوونی مۆراڵ و غەریزە وەحشیگەرییە بۆماوەکان.

کاتێک تاک دخزێتە نێو جەماوەرەوە ئەوا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خەولێخستنی موگناتیسی (magnetic sleeping)ی جەماوەرەکەیەوە. هەر وەک زووتر ئاماژەی پێ کرا، لای لۆبۆن جەماوەر هەم دەتوانێت هەستیار و هۆشمەند بێت و هەمیش دەتوانێت تاوانکار و وێرانکەر بێت. خەسڵەتی بوون بە تاوانکار و وێرانکەر هەمیشە ئەگەرێکی گەورەترە. جەماوەر لەو فۆرمەی ئێستادا و لە دنیای مۆدێرنزمەدا، لە ڕێگای بچووکبوونەوەی دنیاوە بۆ شاشەیەکی بچووکی ئایفۆن، یاخود ئایپاد، هەروەها لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییە ئەلکترۆنییەکانەوە دەتوانێت هێزێکی زۆر گەورە و لەبننەهاتوو پێک بهێنێت، زۆر خێرا و لە ماوەی زۆر کورتدا دەتوانێت کۆنتراکت ببەستێت، لە سەر ئامانجی هاوبەش یەکبگرن و ئەرکی زۆر گەورەتر لە قەبارەی مرۆیی خۆیان جێبەجێ بکەن. سووتاندن و وێرانکردنی سیما شارستانییەکان، باڵەخانە و دائیرە حوکومییەکان، هەڵگێڕانەوە و سووتاندنی زرێپۆش، دەبابە و فڕۆکە، ڕماڵینی ڕژێمەکان، دادگاییکردنی دیکتاتۆرە دڕندەکان لە حەوشە ی پشتەوەی ماڵی شۆڕشگێڕەکاندا، و گۆڕینی سیستمە حوکمڕانییەکان، هەموو ئەوانە ئەو ئەرکانەن، کە زۆر لە قەوارەی مرۆیی تاک گەورەترن، کە هەرگیز بە تەنها ناتوانێت بە ئەنجامیان بگەیێنێت. ئەو جەماوەرە بێبەزەیی و تووڕەیەی دوێنێ، کە ڕەحمی بە هیچ شتێک نەدەکرد، داروبەردی هەڵدەگێڕایەوە، دنیای دەسووتاند، تاڵان و بڕۆی دەکر و سۆزی نەمابوو، ئەوانەن دەبنە حوکمڕانانی ئەمڕۆ. تاک، کە گۆڕا بۆ جەماوەر، ئیدی هیچ کات تاقەت و ئارەزووی بیرکردنەوەی نامێنێت، هەرگیزیش ئامادەی دادگایی عەقڵییش نابێت، لەوێوە ڕێگە بە خۆی دەدات کار لە سەر هەموو شتێک بکات و داواکاریی زۆر سەیروسەمەرەشی هەبێت.

سایکۆلۆژیای جەماوەر بەروبوومی عەقڵێکی دروست (intact) نییە، پشتی پێ نابەسترێت و متمانەشی پێ ناکرێت. بۆ نموونە گەر جەماوەرێکی چەند هەزاری یاخود ملیۆنیمان هەبێت و ئامادەیی ئەوەی تێدا بێت چەندین کاتژمێر چاوەڕێی سەرکردەیەکی کاریزمی سیاسی، دینی و ڕۆحی بێت چۆن دەتوانرێت متمانە بە عەقڵ و کارەکانی ببەسترێت. چۆن دەتوانین بە پشتبەستن بە جەماوەرێکی لەو جۆرە حوکوومەتێک بڕووخێنین و لە جێگایدا حوکوومەتێکی نوێی تەندروست دابمەزرێنین؟

لە دنیادا نموونەی بەروبوومی حوکمی عەقڵی بەکۆمەڵ زۆر هەن. کوشتنی دوعا لە بەردەم کامێرا و بە بەردی دەیان کەس، گەر نەڵێین سەدان، کۆمەڵکوژی و سێدارە جەماوەرییەکان، شەڕە جیهانییەکان، شەڕی خاچپەرست و ئیسلام، ئەنفال، و ... هتد، هەموو ئەمانە بەروبوومی عەقڵ و سایکۆلۆژیای کۆ (crowd and popular mind)ن. وێنەکانی خوارەوە تاڵەموویەکن لە دەریایەک:






دیاردە نەخوازراوەکانی عەقڵی بەکۆمەڵ:

دیاردەیەک، کە دەکرێت ئاوڕێکی لێ بدەینەوە، دیمەنی شەقامە سەرەکی و گۆڕەپانەکانی ناوەڕاستی شارەکانمانە. گەر سەرنج بدەین دەبینین هەمیشە جمەیان دێت و بەر ناکەون لە قەرەباڵغیدا، شان لە شان دەکەوێت، مرۆڤ و عەرەبانە و ئۆتۆمۆبێل پێکەوە تێکچرژاون و هەموو بە یەک خێرایی دەڕۆن. ئەم دیاردەیە پێچەوانەی ئەوەیە لە ئەوروپادا بە دی دەکرێت. لە ئەوروپا ڕەنگە شەقامی قەرەباڵغ زۆر هەبن، بەڵام قەرەباڵغ بەو شێوەیەی لە شەقامێکی وەکو سەهۆڵەکە، تووی مەلیک، بەردەرکی سەرا و شەقامی ئۆردزی جارانەوە، ...هتد، کە تێیاندا خەڵک بە پۆل ڕۆژەکانی هەفتە چەندین کاتژمێر بێ کار لێی دەوەستن، بەو شێوەیە بوونی نییە. لە ئەوروپا ڕەنگە هەر شارێک شەقامێکی دیاریکراوی هەبێت، کە پێیان دەوترێت شەقامی ڕۆیشتن، تێیدا ئۆتۆمۆبێل بۆی نییە تێپەڕ ببێت، تەنها بۆ پیادە و پیاسە کراون. لە زۆربەی شوێنەکانی ئەوروپا بە دەگمەن خەڵک دەبینیت بە سەر شاقەمەکانەوە، بە تایبەت لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە و پشووەکاندا. مرۆڤی لای ئێمە گەر خۆی لە قەرەباڵغیدا نەبینێتەوە وا دەزانێت لە کۆمەڵگا دوا کەوتووە، بۆیە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات بەرەو قەرەبالغی بڕوات و جێگای قەرەباڵغ بۆ خۆی دروست بکات. لەوە سەیرتر دیاردەی بەپەلە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلە، دەکرێت ببەسترێتەوە بەوەی، کە مرۆڤی لای ئێمە هەمیشە وا هەست دەکات، دواکەوتووە و دوورە لە دەوروبەرەکەیەوە، بۆیە بە خێرایی لێ دەخوڕێت تاوەکو زوو بگاتەوە ناو کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی، کە دروستی کردووە.

سایکۆلۆژیای جەماوەر و ساری (contagious)ەتەکەی؟

بۆ تێگەیشتن لەم برگەیە دەبێت لە پەرچەکردارە فسیۆلۆژییەکان، لە جۆری غەمۆکی، گریان و پێکەنین بدوێین. ڕەنگە پێمان سەیر بێت، گەر بڵێین پێکەنین، گریان، غەمۆکی، باوێشک، و... هتد سارییە، واتە لە مرۆڤێکەوە دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤێکی دی. (سۆفی سکۆت) پسپۆڕ لە بواری دەمار و مێشک لە زانکۆی کۆلێژی لەندەن دەڵێت: کاتێک ئێمەی مرۆڤ قسە لەگەڵ یەکدی دەکەین لە مێشکدا و لە ئاستی هەستەکاندا دەبینە ئاوێنە و لاسایکەرەوەی یەکدی. سکۆت ئەم دیاردەیەی لەگەڵ هاوکارانی و لە ڕێگای ئێف/ئێم/ئار سکانینەوە لەسەر چەند کەسێک تاقی کردۆتەوە و سەلماندوویەتی، دیاردەی پێکەنین، کە دیاردەیەکی پەرچەکرداریی فەسلەجییە سارییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بە ئاسانی دەگوازرێتەوە. ئەم دیاردەیە لە ڕێگای کامێرای شاردراوەشەوە کاری لە سەر کراوە و بینیومانە، گەر کەسێک بەبێ هۆ بتوانێت لە بەردەم کۆمەڵێک خەڵکدا دەست بە پێکەنین بکات و بڕێک بەردەوامیی بداتێ ئەوا بێ چەند و چوون و بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، دەورووبەر یەکە بە یەکە دەخاتە هەمان حاڵەتی پێکەنینەوە و تا ڕادەی قاقاشیبیان دەبات. ئەو دیاردە فەسلەجیانە هەموویان شەپۆلی کارۆموگناتیسی لە مێشکمانەوە دەردەکەن و بۆ بەرانبەرەکانمان دەگوازرێنەوە و کار دەکەنە سەر ئەو گلاند و ماسوولکانەی دەورووبەری دەموچاو، کە هەڵدەستن بە کۆپیکردنەوەیان. خۆ ئەگەر بینینی ئەم دیمەنانە لە ڕێگای وێنە، شاشە، گێڕانەوە و سەرگوزشتەوە بێت ئەوا هەستی هاوبەش و گۆباڵی مرۆڤەکانە دیاردەکان کۆپی دەکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پێکەنین و دیاردە فەسلەجیەکان دەتوانیت سەری ئەم لینکەی خوارەوە و دەیان لینکی تر لەو جۆر بکەیت:

http://www.livescience.com/9430-study-laughter-contagious.html

لۆبۆن زۆر بە ڕەوانی ئاماژە بەوە دەکات، کە دیاردە جەماوەرییەکان دیاردەگەلێکن بە ئاسانی دەگوازرێنەوە لە جەماوەرێکەوە بۆ جەماوەرێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر. زەمینە زاتی و مەوزوعیەکان مەرج نییە لەو جەماوەر و کۆمەڵگایانەدا یەکتا بن بۆ کۆپیبوون و دووبارەبوونەوەیان، بەڵکو دەشێت زۆر جیاوازیش بن. گەر هەڵچوونە جەماوەرییەکانی بەهاری عەرەبی

بخەینەوە یادی خۆمان و لە تونسەوە سەیر بکەین، کە ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی هەزاران فرسەقی نێوان بوو لەگەڵ ئەوەی لە یەمەندا هەبوو، بەڵام ئەو هەڵچوونە جەماوەرییە لە تونسەوە بە سەر میسر و لیبیادا گوازرایەوە و بە هەمان ڕێتم گەیشتە یەمەن. لێرەدا دەتوانین پرسیارێک بکەین: بۆچی لە سەرەتاوە لە یەمەنەوە دەستی پێ نەکرد و دواتر بۆ تونس نەڕۆیشت؟ ئایا کام لەو دوو جەماوەرە کەرەستەی باشتری لە بەردەستدا بوو بۆ هەڵچوون؟ هەروەها دەمانەوێت بپرسین: بۆ لە لیبیاوە دەستی پێ نەکرد و دواتر لە تونس بگیرسێتەوە؟ دیسان، کام لەو دوو جەماوەرە ئامادەیی زیاتر و کەرەستەی باشتریان لە بەردەستدا بوو؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری فرەلایەنەن و قسەی زۆر هەڵدەگرن.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو باسەی سەرەوەدا ڕەنگە خویندنەوەیەک بۆ حەڤدەی شوباتی بەردەرکی سەرا جێگەی خۆی بێت. حەڤدەی شوبات لەگەڵ ئەوەدا، کە ڕووداوێکە لە مێژوودا جێگای دیاری خۆیی دەبێت، بەڵام تاکو ئێستا خوێندنەوەی سادە و زۆر سواوی بۆ کراوە، کە نەیتوانیوە سنووری سۆزی جوگرافیا، سۆزی سیاسی و شۆڕشگێڕیەتی شار ببەزێنێت و دیوە شاردراوەکانی ببینێت. ژمارەی ئەو خوێندنەوە جددیانەی بۆی کراوە لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. ڕووداوی حەڤدەی شوبات لە دوای عەقڵی ڕاپەڕینەوە بە بەروبوومی عەقڵی نەوەی نوێ هەژمار دەکرێت. حیکمەتی ئەو ڕووداوە لەوەدا بو، کە بریتی بوو لە خاڵی پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو عەقڵە. ئەو پێناسەیە ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێت، گەر بڵێین کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی شوبات کۆبوونەوەیەکی ناتەبای هەڕەمەکی و بێبەرنامە بوو. هەڕەمەکیی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەرکەوت، کە تێیدا کۆمەڵێک گەنج بوونە قوربانیی ئەو وەهم و خەونە بەهەشتییە.

حەڤدەی شوبات، مادام بەروبوومی عەقڵی کۆیە، دەشێت زۆر گوماناوی بێت و زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرتر بێت. یەکێک لەو چمکانەی دەکرێت ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەین، نەبەزاندنی سنووری بەر دەرکی سەرا و سنووری جوگرافیایی شاری سلێمانییە. ڕەنگە خوێنەر بڵێت سەرکوت و تۆقاندن نەیهێشت ئەو سنوورە ببەزێنێت، کە ئێمە بەپێی میتۆدی عەقڵ و سایکۆلۆژیای جەماوەر پێشتر ئەوەمان سەلماند، جەماوەر چاونەترسە، تووڕە و بێبەزەییشە، تواناکانی زۆر لەوە گەورەتر بوون دەسەڵاتێک، کە خۆی هەڵبیبژاردووە چاوترسێنی بکات و لە چوارچێوەی مەیدانێکی چەند مەتردووجادا گەمارۆی بدات. بەپێی ئەو میتۆدە حەڤدەی شوبات دەیتوانی سنووری نەک تەنها سلێمانی، بەڵکو شار و قەزا و ناحییەکانی تریش ببەزێنێت. لە ژێر ڕۆشنایی هەمان میتۆد دەرکەوت، کە بەردەرکی سەرا بووبووە مەیدانی کۆبوونەوەی هێزی جۆراوجۆر، زۆر ناتەبا و دژبەیەک، ئەمە وامان لێ کردبووین کارەکانیان بە گوومانەوە سەیر بکەین و جگە لە وەهم بە هیچی دی نەچوێنین. ئەو شوێنە چڕ و قەرەباڵغە، جگە لەوەی جێگای بۆ کەسی تر نەهێشتبووەوە، هیچ سنوورێکیشی لەنێوان تواناکاندا نەهێشتبوو. لەوێدا زۆر بە ئاسانی پرۆفیسۆر و نەخویندەوار، کۆلکەمەلا و زانای گەورە جێگایان بووبووەوە و پێکەوە پرۆژەیان بۆ بەدیهێنانی خەونەکان دادەڕشت. لە و جێگایانەدا، کە سنووری نێوان لێهاتوو و لێنەهاتوو نامێنێت، ئیتر بڕیار نییە عەقڵی ئەزموونگەرایی تاکەکان لە ڕێگای تواناکانیانەوە ئیش بکات، بەڵکو تەنها یەک عەقڵ کار دەکات، ئەویش نەست (subconscious)ە، کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی هاندانداییە. ژمارەیەک لە کەسانی ڕۆشنبیر و خاوەنمەعریفە خزانە ناو ئەو جەماوەرەوە بە نیازی وەرگێڕانی ئاراستەی داواکاریەکان بە ئاقارێکی لۆژیکانەدا و گۆڕینی بۆ پرۆژەی چاکسازی، هەرچەند جێگەدەستیان تا ڕادەیەك دیار بوو، بەڵام وەک ئاماژەی پێ کرا، لەو شوێنانەدا لەبەر ئەوەی جێگای لێهاتووان نابێتەوە و مەعریفە کار ناکات، نەیانتوانی ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان ببینن. میتۆدی سایکۆلۆژیای جەماوەر ئەوەمان فێر دەکات، بەرهەمی ئەو جۆرە لە عەقڵی بەکۆمەڵ تەمەنی کورتە و

بەردەوامیی نابێت. دەستەی بەڕێوەبەری ئەو جەماوەرە جگە لەوەی غەرقی ناتەبایی بوو، بواریشیان بە کەس نەدەدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە ناکۆکیەکانیان بڕوانێت. ئەو بەرگریکردنە کوێرانەیە لە پیرۆزیی داواکارییەکان و جەماوەرەکەی لەو یەقینەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە لەمێژە عەقڵی ئەزموونگەرایی کۆڵی لێ داوە. جەماوەری بەردەرکی سەرا لە غیابی دادوەریی عەقڵی و لێپرسینەوەدا قسەی دەربارەی هەموو شتێک هەبوو، بە ئارەزووی خۆی بڕیاری دەدا و داواکاری دەردەکرد. گەر لە یادمان بێت، جەماوەری بەردەرکی سەرا ڕەخنەی توندی لە بزووتنەوەی گۆڕان گرت، گوایە پشتگیریی لێ نەکردووە و پشتگوێی خستووە، جگە لەوە هەڕەشەی دەنگپێنەدانیشی لێ کرد لە خوولی داهاتوودا. لە قەرەبالغیدا لێپرسینەوە نامێنێت، کاری یاسایی و نایاسایی سنوورەکانی خۆیان گوم دەکەن و تێکەڵ بە یەک دەبن.

ئارگیومێنتەکانی دوای حەڤدەی شوبات، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە دەوری ئەوە دەخوولێنەوە، گوایە دەستەڵاتی چاوترسێن کردووە، گورزی گەورەی وەشاندووە و ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕینی گەورە و فراوانتر کردووە. ئەم ئارگیومێنتانە لە پێوەندییە دینامیکییەکەی نێوان هۆکار و ئاکام ( cause & effect)ەوە دوورە، و پێی وا نییە هۆکارێکی بەهێز ئاکامێکی بەهێزی دەبێت. واتە جەماوەرێکی تووڕەی تۆکمە و بەهێز حوکومەتێکی تووڕەتر و بەهێزتر لە ڕووی ئاسایش و بەرگریلەخۆکردنەوە بە دوای خۆیدا دێنێت، ئەمە گەر بڕیار بوو بمێنێتەوە. بۆ نموونە: چرکەساتەکانی پێش حەڤدەی شوبات، هیچ کەس خوێنی نەڕژابوو و کەسیش بە بکوژ و تاوانبار لە قەڵەم نەدرابوو، بەڵام لە دوای ساتەکانی حەڤدەی شووباتەوە ژمارەیەک مێردمنداڵ بوونە قوربانی، کە برینێکی سەختی سەر دڵی خاوەنەکانیانن و هەرگیز ساڕێژ نابێت، خوێنیان ڕژا و ژمارەیەکیش چوونە خانەی تاوانبارانەوە، هەرچەند بە لای منەوە، لەژێر کاریگەریی ئەو سایکۆلۆژیا جەماوەرییەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بکوژ و کوژراودا نامێنێت، بەڵکو هەردووک قووربانین. پێش حەڤدەی شوبات بارەگای لقی چواری پارتی، سیومبۆلی دەستەلات، کە ئامانجی یەکەمی ئەو هەڵچوونە جەماوەرییە هەڕەمەکیە بوو، جگە لەوەی ڕووبەرەکەی بچووک بوو، لەناو جەرگەی شاردا بوو، پاسەوان (bodyguard) و تێچوون (cost)یشی کەم بوو، بەڵام دوای حەڤدەی شوبات ئەو بارەگەیە چۆتە شوێنێکی زۆر قایمتر، پاسەوان و تێچوونەکانی دەیان جار زیاد بووە و ڕووبەرەکەشی ڕەنگە ٢٠ لە بارەگاکەی پێشوویانی تێدا جێ ببێتەوە، ئەوانە وایان کردووە زەفەرپێبردنی لە ئێستادا قورستر بووە. پێش حەڤدەی شوبات هەمیشە کۆبوونەوەی جەماوەری ئاسانتر و ژمارەشیان زیاتر بوو، بەڵام دوای ڕووداوەکە کۆبوونەوە جەماوەریەکان لای دەستەڵات هەمیشە بە گومانەوە سەیریان دەکرێت، قورسایی زیاتر دێتە پێش ئامادەکاران و خەڵکی سەر شەقامیش هەمیشە بە ئاگاییەکی تێکەڵ بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. پێش ڕووداوەکانی شوبات، گرتنی بە کۆمەڵ و ڕاپێچکردن لەژێر چاودێریی کامێرای مۆبایلەکانمانەوە بۆ دەشت و دۆڵەکانی دەوروبەری شار ڕووی نە دابوو، بەڵام دوای حەڤدەی شوبات ڕووی دا و کۆمەڵێک کەسایەتیی دیاریش کەوتنە بەر شەلاقی زێرەڤانییەکان. پێش حەڤدەی شوبات، زێرەڤانی ڕەنگە تەنها لە ڕێگای شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ئەو شارەیان بینیبێت، بەڵام لە دوای ئەو ڕووداوەوە شار غەرقی زێرەڤانی بوو. سەرباری هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا، ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین و دەسەڵاتی چوارەم، سەربەخۆیی دادگا، هەڕەشە و گوڕەشە لە ڕۆشنبیران و تەواوی پێشێلکارییەکان لەگەڵ گەندەڵی و ،،، هتد، هەموو ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن، ڕەنگە حەڤدەی شوبات تاکو ئێستا نەیتوانیبێت وەڵامیان بداتەوە.

پەراوێز:

"دیوی ئەودیوی دیاردەکان و سایکۆلۆژیای جەماوەر" ناونیشانی بڕگەی دووهەمی کۆڕێک بوو، لە یادی ١٧ ی شوباتی ئەم ساڵدا لە کۆپنهاگن پێشکەشم کرد.

سەرچاوەکان:

١/ غوستاف_لوبون، سيكولوجية_الجماهير، چاپی عەرەبی، دار الساقی، ساڵی ١٩٩١
٢/ هێمن قەرەداغی و بەختیار عەلی ، مەعریفە و ئیمان، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢
٣/ مەسعود محەممەد، مرۆڤ و دەوروبەر، بەشی یەکەم، چاپی دووەمی ساڵی ٢٠١٠
٤/ علي الوردي، مهزلة العقل البشري، چاپی دووەمی عەرەبی، ساڵی ١٩٩٤
٥/ سيجموند فرويد، محاضرات تمهيدية جديدة في التحليل النفسي، چاپی عەرەبی.
٦/ سيجموند فرويد، التحليل النفسي، چاپی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٠
٧/ کاروان کاکەسوور، گفتوگۆ دەربارەی مارکس،ماڵپەڕی دەنگەکان
٨/ ألبير كامو، الإنسان المتمرد، چاپی سێیەمی عەرەبی، ساڵی ١٩٨٣
٩/ Gustave Le Bon "The Crowd, a study of the popular mind", English version, 1896